# هێماگەرایی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری گۆراندا

عبدالسلام سالار
مامۆستای یاریدەدەر
بەشی كوردی / كۆلێجی زمـان / زانكۆی سلێمانی

## پێشەكی

ئەگەر ڕۆمانتیكییەت شۆڕشێك بوو بۆ هەڵتەكاندنی هەموو بنەماكانی كلاسیكییەت، ئەوا هێماگەرایی ڕۆچوونە بە قووڵایی زۆربەی بنەماكانی ڕۆمانتیكییەتدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە لە بارەی ڕێبازی هێماگەراییەوە، لە ئەدەبی كوردیدا هەوڵێكی كەم دراوەو ئێمەش بۆ پڕكردنەوەی كەلێنێك لەم لایەنەوە هەوڵی نووسینی ئەم باسەمان داوە لە سنووری دووبەشدا.

لە بەشی یەكەمدا باسی زاراوەی هێما (سیمبول)مان كردووەو هەندێ لەو بۆچوونانەمان خستووەتە ڕوو، كە دەربارەی چەمكی هێما (سیمبول) لە سەرچاوەكاندا بەدی دەكرێن لەوانە كانتو كۆلیردج و بیلێزیەو هیگڵ دوایش ئەوەمان خستووەتە ڕوو كە ئەوانەی دواتر هاتوون شتێكی ئەوتۆیان لەم بارەیەوە نەهێناوەتەوە، هەر ئەوانەی پێشوویان بە شێوەیەكی تر داڕشتووە دواییش پوختەی بۆچوونەكانمان ڕوونكردووەتەوە كە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە:

لە دروستبوونی هێمادا پێویستە دوو ئاست هەبن، هەستیو واتایی و بەهیچ شێوەیەك نابێت لەیەك جیابكرێنەوە، هەروەها دەبێت لێكچوونێكی دەروونی (خۆیی) لەنێوان ئەو دوو ئاستەدا هەبێت، دواییش ئەو لایەنانەمان خستووەتەڕوو كەتێیدا ڕێبازی ڕۆمانتیكی كاریگەریی لەسەر ڕێبازی هێماگەری بووە لەوانە چەمكی شیعرو هەندێك تایبەتیی هونەریو كاریگەریی خەیاڵ لەسەر وێنەی شیعریی و لەم بارەیەشەوە ڕای هەندێك لە زانایانی ئەم بوارەمان خستووەتەڕوو، هەروەها (بینائاگایی)ش كە ڕۆڵی خۆی بینیوە لە پێكهێنانی خەونی ڕۆمانتیكییەكاندا هەر ئەم بۆچوونەش لای هێماگەراییەكان بە شێوەیەكی قووڵتر بینیومانەو دەرمانخستووەو دواتریش دەربارەی مۆسیقاو زمانی شیعریش دواوین.

دواییش باسمان لە پەیدابوونی هێماگەرایی وەكو ڕێباز لەسەر دەستی بۆدلێر كردووەو ئاماژەمان بە هەندێ بۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە داوەو ئیشارەتمان بۆ هەندێك لەوانە كردووە كە پێشەنگی ئەم ڕێبازەبوون لەوانە جان مۆریاس بۆل فرلین ستیڤان مالارمیە.

لە بەشی دووەمدا باسمان لەبارەی شێوەی دەستپێكردنی گۆران بە شیعر نووسین كردووە، كە لە سەرەتادا لەسەر شێوەی كلاسیكی شیعری نووسیوە، بەڵام هەر زوو ئەم شەقڵەی شكاندووەو بەرەو داهێنانی نوێ هەنگاوی ناوە، لە بارەی هێما گەراییەوە هەوڵمانداوە چەكەرەكردنی ئەم ڕێبازە لە شیعرەكانی گۆراندا بخەینەڕوو كە لە سەرەتادا بە شێوەی گۆڕینەوەی هەستەكان (تبادل الحواس) بەكارهاتووە.

دوایيش گەيشتووينەتە ئەو ڕايەی کە بڵێين لە شيعرەکانی گۆراندا ئەم ڕێبازە بەدی دەکرێت، بەڵام گۆران لەو هۆنراوانەی کە ئەم ڕێبازەی تێدا بەکارهێناوە، هەر خۆی تەلیسمی واتای شکاندووەو بە شێوەيەك لە شێوەکان ئاماژەی بۆ هێما بۆکراو کردووە کە ئەمەش نەدەبوو ببێت، لەدواييدا پێويستە ئاماژە بەوە بکەين کەئەو ژمارانەی لەسەر دێڕەکاندا هاتوون لەشيعرەکاندا، ژمارەی ئەو لاپەڕەيەيە کەدێڕە شيعرەکەی تێدا تۆمارکراوە.

## بەشی یەکەم

## هێما-هێماگەرایی

هێما : زاراوەيەکی فەلسەفیو لاهووتييە زياتر لەوەی ئەدەبی بێت، ڕەنگە لە هەمووی زياتر ئاينی (١) بێت، وەکو (وشە )ش ( Sumbol ) لە بنەڕەتدا گريکييە و[٢] لە ( Sumbolein )ەوە هاتووە کە بە واتای مەزەندەو هەڵهێنانی شتێکە و فرمانەکەيشی کە ( Sumbol )ە ئەوە دەگەيەنێت کە لێکچوونی نێوان هێماو هێما بۆکراو بنەمايەکی بنەڕەتييە لە دروستبوونی هێمادا. واتا شتێك واتای شتێکی تر بگەيەنێتو بێ پشتگوێ خستنی واتا ڕاستييەکەی خۆی، ( Sumbolein ) لە دوو وشە پێکهاتووە ( Sum ) بە واتای لەگەڵو ( bolein ) بە واتای هەڵهێنان (زانينی شتێك )، بەڵام د.فەرهاد نازری ڕای وايە کە ( Sumbol ) لە ڕەگە يۆنانييەکەوە[٣] کە ( Sumballien )ە وەرگيراوەو واتای پەيوەستبوونو تێکەڵاوبوون دەگەيەنێتو لە ناوە داڕێژراوەکەشييەوە کە ( Symbolon ) ە بەدەست هاتووە کە بە واتای (نيشان )و (ڕوخسار )و (ئاماژە ) بەکارهاتووە. ئەوەی کە دەربارەی (هێما ) باسکراوە، زياتر لە لێکۆڵينەوە زمانەوانييەکانو شيکارە دەروونييەکانەوە هاتووە نەك لە لێکۆڵينەوە ئەدەبييەکانەوە، لەبەر ئەمە هێمايان وەکو ئيشارەتێك سەيرکردووە، کە واتا دەلالييەکەی زانرابێت، ئەرستۆ ڕای وايە کە وشە گۆکراوەکان هێمای بارە دەروونييەکانن و وشە نووسراوەکانيش هێمای[٤] وشە گۆکراوەکانن، بەڵام هێمای ئەدەبی واتا دەلالييەکەی ڕێکەوتنێکی پێشينەی لەسەر نييە ، بەڵکو لەسەر بناغەی دۆزينەوەی لێکچوونی گەوهەريی نێوان دووشتدا داڕێژراوەو ئەو دۆزينەوەيەش دۆزينەوەيەکی کەسييەو پابەندی هيچ نەريتێك نييە ، دەربارەی هێمای ئەدەبی گۆتە يەکەم کەس بووە کە بە ڕێگايەکی[٥] ئەدەبی مۆدێرن باسی هێمای کردووەو بە ئاوێتەبوونی خۆيەتیو بابەتی داوە لە قەڵەم.

(كانت)[٦] یش بۆ ئەوە دەچێت كە هێما كاتێك لە واقع دەپچڕێت دەبێتە سروشتێكی سەربەخۆو بیرێكی تاقەوەبوو لێرەدا لێكچوونی هەستیی نابێتە مەرجی نێوان هێماو هێما بۆكراو، بەڵام كۆلیردج بیرۆكەی خۆی دەربارەی هێما لەسەر جیاوازیی نێوان (خەیاڵ) ئەندێشەو[٧] وەهم دادەڕێژێتو خەیاڵ بە هۆی ئامرازی دروستكردنی هێما لە قەڵەم دەدات، چونكە بەو هێزەی دادەنێت كە مادده دەتوێنێتەوەو بەسیستەمێكی نوێ دایدەڕێژێتەوەو لەو هەوڵانەی كە لە سەرەتای سەدەی (١٩)هەمدا لەبارەی هێماوە دراوە هەوڵی (بلليزييە)یە كە ڕای وابوو هێما شێوازی تێبینیكردنی ڕووە لێكچووەكانی نێوان ئەوەی كە ویژدانییەو ئەوەی كە مادییەو پێویستی بە زەینێكی یەكجار تاقەوبوو ناكات، ئەوەیە كە شاعیر بە دوای ئەو پەیوەندییە شاراوانە بگەڕێت كە لە نێوان بیرو شتەكاندا هەیە[٨].
(هیگڵ) یش هێما[٩] بە دەلالەتێك دەداتە قەڵەم كە پەیوەندیی نێوان واتاو دەربڕین پەیوەندییەكی (عسفيه بحته) زۆرشیاو نەبێت.

مایكل ه.لینفسن قووڵتر دەربارەی هێما دەدوێتو بەو شێوەیەی تێدەگات كە جیهانی میتافیزیكی تێدەپەڕێنێت بەرەو ئەو دیوی هەستەكان، بەوەی كە دەربڕینە[١٠] دەربارەی گەوهەری شتی نادیار. ولییەم یورك تندال-یش بە شێوەی چوواندن لە هێما دەدوێتو بەو قسەیەی سەماكەرێك دەیچووێنێت كە دەڵێت: ئەگەر بمتوانییایە ئەوەی سەما دەیگەیەنێت بە قسە بمگەیاندایە پێویستم بەوە نەدەبوو بیكەم، هەروەها هێما بە خوازەیەك دەداتە قەڵەم كە لایەكی دەستنیشان نەكرابێتو ئیحابەخش بێت[١١] و هێما بە بینینەوەی هەمیشەییو نەمریی لە شتە مادديیەكاندا دەزانی[١٢].

هەندێك لەوانەی لەسەر نوێگەری نووسیویانە، هێما بەو شێوەیە دەبیننەوە كە وا لە شتە مادديیەكان بكەیت واتا (ئیحا)ی ڕەها ببەخشن[١٣]، لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت كە ئەو ئیحا بەخشییە لەوانەیە خۆییو كەسی بێت بۆ یەكێكی تر بەو شێوەیە نەبێتو ئەوانەی دواتر لەم بارەیەوە دواون، شتێكی نوێیان نەهێناوەتەوەو هەر ئەوانەی پێشوویان بە شێوەیەكی تر داڕشتووەتەوە، لەوانە د. نەجیب گەیلانی كە بە هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی هۆشمەندییە شاراوەكان[١٤] وەسفی دەكات.

بەشداربووانی كۆبوونەوەی كۆمەڵەی فەلسەفەیی فەرەنسی كە لە مارتی (١٩١٨)دا بەسترا[١٥] هاوڕابوون لەسەر ئەوەی كە هێما شتێكی هەستییە، وەكو ئاماژە دادەنرێت بۆ شتێكی واتایی كە هەستەكان نایپێكنو ئەمەش لەسەر بوونی لێكچوونی نێوان دووشتدا بنیات دەنرێت، هەر ئەو كۆبوونەوەیە واتای وردی هێمای بەم شێوەیە شیكردەوە:
هێما پێویستی بە دوو ئاست هەیە، ئاستی وێنە هەستییەكان، كە دەبن بە بۆتەی هێماكەو ئاستی بارە واتاییە هێما بۆكراوەكانو كاتێك ئەم دوو ئاستە بە پرۆسەیەكی داهێنانە لە یەكدەدرێن هێما دروست دەبێت، هەروەها پێویستە پەیوەندییەكی لێكچوون لە نێوانیاندا هەبێتو ئەو لێكچوونەش لە لایەنە دەروونییەكانەوە (وقع نفسی) بێت نەك لێكچوونی هەستی.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ئەوانەی لەم بارەیەوە دواون زانیارییەکانیان لە چوارچێوەی بازنەیەکدا خولاونەتەوەو دەتوانین بەم شێوەیە بیخەینەڕوو: لە پرۆسەی دروستبوونی هێمادا پێویستە دووئاست هەبن، ئاستی هەستیو ئاستی واتاییو بە هیچ شێوەیەک نابێت لە یەک جیابکرێنەوە، چونکە دووڕووی شتێکن، هەروەها دەبێت لێکچوونێکی دەروونی (خۆیی) لەنێوان ئەو دوو ئاستەدا هەبێت.. لێرەدا ئەم تایبەتییەی هێما دەیخاتە ئەمو مژاوییەکەوە کە ڕەگەزی تێگەیشتنی دیاری نەکرێت، چونکە تەنها خۆیەتی ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بەمەش بۆچوونەکان دەربارەی شتەکان جیاواز دەبن، بۆ نموونە ئەوەی کەیادەوەرییەکی خۆشی لەگەڵ ڕەنگێ لە ڕەنگەکاندا هەبێت، بێ شک بە واتا شادی بەخشەکانی دەچووێنێت، واتا ئەو ڕەنگە هێمایەکی شادی بەخش دەبێت، بەلام لەوانەیە کەسێکی تر یادەوەرییەکی تاڵی لەگەڵ هەمان ڕەنگدا هەبێتو بی شک ئەمیش بەو هەموو واتا ناخۆشی بەخشانەی دەچووێنێت.. بە هەمان شێوە لەگەڵ هەستو شتەکانی تردا هەر یەکێك لەو شتانەی کە لە سروشتدا هەن سەرچاوەی ئیحای هەمەجۆر دەبنو هەر کەسێ بە پێی یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵیدا هەڵسو کەوت دەکاتو سنوورێکی دیاریکراوی بۆ تێگەیشتنی هێماکان نابێتو هێما بۆکراویش هەر دەبێت واتایەکی ڕەها بێتو ئەگەر دەربڕینەکە هێما بۆکراوێکی دەستنیشانکرد ئەوا لەچەمکی هێماوە دەگەڕێتەوە بەرەو خواستن، چونکە شتێکی دیاریکراوی بەرجەستە کرد، هێماش تاقەوەبوو کردنە نەك بەرجەستەکردنەو بەهاکەشی دەلالی نییە، بەڵکو ئیحاییە بە شێوەیەکی وا کار لەدەروون دەکات کە ناتوانین بەڕێگای ناونانو ئاشکراکردنەوە دەربڕێت، ئێمە ئەگەر مەبەستمان لە شێر پیاوێکی ئازا بێت، ئەوا وێنەکەمان دەبێت بە خواستنو ئەگەر مەبەستمان لە ئازایەتیی بێت ئەوا واتای هێما دەبەخشێت.

## پەیدابونی هێماگەرایی

بە گوێرەی یاسای ژیانو مردنو بە گوێرەی ئەو بارە کۆمەلایەتیو[١٦] ڕۆشنبیرییەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم ڕێبازی سروشتی گەیشتە ڕادەیەك لە بەستەڵەکی کەوای لە نووسەرە فەرەنسییەکان کرد بگەڕێنەوەبۆ شیکردنەوەی دەروونیو شتە شاراوەکان، دوای ئەوەی هەندێ لە نووسەران درکیان بەبوونی ئەدەبێك کرد کە هەست بەسۆزو بەزەییەك بەرامبەر بە ئازارەکانی مرۆڤایەتی بکات، ڕێبازی ڕیالیزمیو برناسی لەناوچوو و ڕێبازێکی نوێ لەسەر دەستی شارل بودلێر سەریهەڵدا، هەندێك ڕایان وایە کە ئەم ڕێبازە لە ڕووالەتدا تەوژمێکی ئەدەبیی دژ بە سیاسەتە، بەلام لە ناوەرۆکدا[١٧] تەوژمێکی کۆنە پەرستەو داوای جیاکردنەوەی هونەری لە ژیانی کۆمەلایەتی دەکرد، ئەم ڕێبازە وەکو کاردانەوەیەك دژ بە تەوژمە ئەدەبییەکانی پێشووی خۆی سەریهەڵدا بەتایبەت دژ بە سۆزە ڕووکەشو ڕۆنەچوومەکان بە قووڵایی دەروونداو، هەروەها دژ بە ڕوونیو شێوە ڕووکەشییەکانی برناسییەکان کە دەیانگوت ئەدەبیات دەبێت ملکەچی ڕاستییەکانیدەروون بێت[١٨].

لە بارەی پەیدابوونی هێماگەرییەوە ڕاکان جیاوازن، هەندێك ڕای وایە کە[١٩] (نوڤالیس)، (فرایدریش هردنبیرگ) یەکەم مژدەهێنەری ئەم ڕێبازەیەو هەندێکیش سەرەتاکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ سالی (١٨٨٠ز)[٢٠]، هەندێکی تریش دەیگێڕێتەوە بۆ نزیکەی سەد[٢١] سالێك لەمەوبەر، کە لە فەرەنسادا سەریهەڵدا، لێرەدا لە وانەیە نەتوانرێت بەرهەمەکانی نۆڤالیس بە سەرەتای ئەم ڕێبازە دابنرێت، چونکە نۆڤالیس وەکو تاکە نموونەیەك

(کانت)[٦] یش بۆ ئەوە دەچێت کە هێما کاتێك لە واقع دەپچڕێت دەبێتە سروشتێکی سەربەخۆو بیرێکی تاقەوەبوو لێرەدا لێکچوونی هەستیی نابێتە مەرجی نێوان هێماو هێما بۆکراو، بەڵام کۆلیردج بیرۆکەی خۆی دەربارەی هێما لەسەر جیاوازیی نێوان (خەیاڵ) ئەندێشەو[٧] وەهم دادەڕێژێتو خەیاڵ بە هۆی ئامرازی دروستکردنی هێما لە قەڵەم دەدات، چونکە بەو هێزەی دادەنێت کە مادده دەتوێنێتەوەو بەسیستەمێکی نوێ دایدەڕێژێتەوەو لەو هەوڵانەی کە لە سەرەتای سەدەی (١٩)هەمدا لەبارەی هێماوە دراوە هەوڵی (بلليزييه)یە کە ڕای وابوو هێما شێوازی تێبینیکردنی ڕووە لێکچووەکانی نێوان ئەوەی کە ویژدانییەو ئەوەی کە مادییەو پێویستی بە زەینێکی یەکجار تاقەوبوو ناکات، ئەوەیە کە شاعیر بە دوای ئەو پەیوەندییە شاراوانە بگەڕێت کە لە نێوان بیرو شتەکاندا هەیە[٨].

(هیگڵ) یش هێما[٩] بە دەلالەتێك دەداتە قەڵەم کە پەیوەندیی نێوان واتاو دەربڕین پەیوەندییەکی (عسفیە بحتە) زۆرشیاو نەبێت.

مایکل ه. لینفسن قووڵتر دەربارەی هێما دەدوێتو بەو شێوەیەی تێدەگات کە جیهانی میتافیزیکی تێدەپەڕێنێت بەرەو ئەو دیوی هەستەکان، بەوەی کە دەربڕینە[١٠] دەربارەی گەوهەری شتی نادیار. ولییەم یورك تندال-یش بە شێوەی چوواندن لە هێما دەدوێتو بەو قسەیەی سەماکەرێك دەیچووێنێت کە دەڵێت: ئەگەر بمتوانییایە ئەوەی سەما دەیگەیەنێت بە قسە بمگەیاندایە پێویستم بەوە نەدەبوو بیکەم، هەروەها هێما بە خوازەیەك دەداتە قەڵەم کە لایەکی دەستنیشان نەکرابێتو ئیحابەخش بێت[١١] و هێما بە بینینەوەی هەمیشەییو نەمریی لە شتە ماددییەکاندا دەزانی[١٢].

هەندێك لەوانەی لەسەر نوێگەری نووسیویانە، هێما بەو شێوەیە دەبیننەوە کە وا لە شتە ماددییەکان بکەیت واتا (ئیحا)ی ڕەها ببەخشن[١٣]، لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت کە ئەو ئیحا بەخشییە لەوانەیە خۆییو کەسی بێت بۆ یەکێکی تر بەو شێوەیە نەبێتو ئەوانەی دواتر لەم بارەیەوە دواون، شتێکی نوێیان نەهێناوەتەوەو هەر ئەوانەی پێشوویان بە شێوەیەکی تر داڕشتووەتەوە، لەوانە د. نەجیب گەیلانی کە بە هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی هۆشمەندییە شاراوەکان[١٤] وەسفی دەکات.

بەشداربووانی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی فەلسەفەیی فەرەنسی کە لە مارتی (١٩١٨)دا بەسترا[١٥] هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە هێما شتێکی هەستییە، وەکو ئاماژە دادەنرێت بۆ شتێکی واتایی کە هەستەکان نایپێکنو ئەمەش لەسەر بوونی لێکچوونی نێوان دووشتدا بنیات دەنرێت، هەر ئەو کۆبوونەوەیە واتای وردی هێمای بەم شێوەیە شیکردەوە:

هێما پێویستی بە دوو ئاست هەیە، ئاستی وێنە هەستییەکان، کە دەبن بە بۆتەی هێماکەو ئاستی بارە واتاییە هێما بۆکراوەکانو کاتێك ئەم دوو ئاستە بە پرۆسەیەکی داهێنانە لە یەکدەدرێن هێما دروست دەبێت، هەروەها پێویستە پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێتو ئەو لێکچوونەش لە لایەنە دەروونییەکانەوە (وقع نفسی) بێت نەك لێکچوونی هەستی.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ئەوانەی لەم بارەیەوە دواون زانیارییەکانیان لە چوارچێوەی بازنەیەکدا خولاونەتەوەو دەتوانین بەم شێوەیە بیخەینەروو: لە پرۆسەی دروستبوونی هێمادا پێویستە دووئاست هەبن، ئاستی هەستیو ئاستی واتاییو بە هیچ شێوەیەك نابێت لە یەك جیابکرێنەوە، چونکە دووڕووی شتێکن، هەروەها دەبێت لێکچوونێکی دەروونی (خۆیی) لەنێوان ئەو دوو ئاستەدا هەبێت.. لێرەدا ئەم تایبەتییەی هێما دەیخاتە تەمو مژاوییەکەوە کە ڕەگەزی تێگەیشتنی دیاری نەکرێت، چونکە تەنها خۆیەتی ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بەمەش بۆچوونەکان دەربارەی شتەکان جیاواز دەبن، بۆ نموونە ئەوەی کەیادەوەرییەکی خۆشی لەگەڵ ڕەنگێ لە ڕەنگەکاندا هەبێت، بێ شك بە واتا شادی بەخشەکانی دەچووێنێت، واتا ئەو ڕەنگە هێمایەکی شادی بەخش دەبێت، بەڵام لەوانەیە کەسێکی تر یادەوەرییەکی تاڵی لەگەڵ هەمان ڕەنگدا هەبێتو بی شك ئەمیش بەو هەموو واتا ناخۆشی بەخشانەی دەچووێنێت.. بە هەمان شێوە لەگەڵ هەستو شتەکانی تردا هەر یەکێك لەو شتانەی کە لە سروشتدا هەن سەرچاوەی ئیحای هەمەجۆر دەبنو هەر کەسێ بە پێی یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵیدا هەڵسو کەوت دەکاتو سنوورێکی دیاریکراوی بۆ تێگەیشتنی هێماکان نابێتو هێما بۆکراویش هەر دەبێت واتایەکی ڕەها بێتو ئەگەر دەربڕینەکە هێما بۆکراوێکی دەستنیشانکرد ئەوا لەچەمکی هێماوە دەگەڕێتەوە بەرەو خواستن، چونکە شتێکی دیاریکراوی بەرجەستە کرد، هێماش تاقەوەبوو کردنە نەك بەرجەستەکردنەو بەهاکەشی دەلالی نییە، بەڵکو ئیحاییە بە شێوەیەکی وا کار لەدەروون دەکات کە نەتوانین بەرێگای ناونانو ئاشکراکردنەوە دەربڕبڕێت، ئێمە ئەگەر مەبەستمان لە شێر پیاوێکی ئازا بێت، ئەوا وێنەکەمان دەبێت بە خواستنو ئەگەر مەبەستمان لە ئازایەتیی بێت ئەوا واتای هێما دەبەخشێت.

## پەیدابونی هێماگەرایی

بە گوێرەی یاسای ژیانو مردنو بە گوێرەی ئەو بارە کۆمەڵایەتیو[١٦] ڕۆشنبیرییەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم ڕێبازی سروشتی گەیشتە ڕادەیەك لە بەستەڵەکی کەوای لە نووسەرە فەرەنسییەکان کرد بگەڕێنەوەبۆ شیکردنەوەی دەروونیو شتە شاراوەکان، دوای ئەوەی هەندێ لە نووسەران درکیان بەبوونی ئەدەبێك کرد کە هەست بەسۆزو بەزەییەك بەرامبەر بە ئازارەکانی مرۆڤایەتی بکات، ڕێبازی ڕیالیزمیو برناسی لەناوچوو و ڕێبازێکی نوێ لەسەر دەستی شارل بودلێر سەریهەڵدا، هەندێك ڕایان وایە کە ئەم ڕێبازە لە ڕووالەتدا تەوژمێکی ئەدەبیی دژ بە سیاسەتە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا[١٧] تەوژمێکی کۆنە پەرستەو داوای جیاکردنەوەی هونەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکرد، ئەم ڕێبازە وەکو کاردانەوەیەك دژ بە تەوژمە ئەدەبییەکانی پێشووی خۆی سەریهەڵدا بەتایبەت دژ بە سۆزە رووکەشو ڕۆنەچوومکان بە قووڵایی دەروونندا، هەروەها دژ بە روونیو شێوە ڕووکەشییەکانی برناسییەکان کە دەیانگوت ئەدەبیات دەبێت ملکەچی ڕاستییەکانیدەروون بێت[١٨].

لە بارەی پەیدابوونی هێماگەرییەوە ڕاکان جیاوازن، هەندێك ڕای وایە کە[١٩] (نوڤالیس)، (فرایدریش هردنبێرگ) یەکەم مژدەهێنەری ئەم ڕێبازەیەو هەندێکیش سەرەتاکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ سالی (١٨٨٠ز)[٢٠]، هەندێکی تریش دەیگێڕێتەوە بۆ نزیکەی سەد[٢١] ساڵێك لەمەوبەر، کە لە فەرەنسادا سەریهەڵدا، لێرەدا لە وانەیە نەتوانرێت بەرهەمەکانی نۆڤالیس بە سەرەتای ئەم ڕێبازە دابنرێت، چونکە نۆڤالیس وەکو تاکە نموونەیەك

نابێتە نوێنەری تەوژمێکی (تیار) ئەدەبی بە گشتی، هەروەها پەیدابوونیشی تا (١٨٨٠ز) دوا نەکەوتووە، چونکە دیوانەکەی بۆدلێر (أزهار الشر) لە ساڵی (١٨٥٧ز) یەکەم چاپی دەرکەوتووە.

ئەم شێوازە ئەدەبییە لەسەر دەستی بۆدلێرو رامبۆ، وەکو رێبازێکی ئەدەبی کە بناغەی جوانی و هونەریی دیاریکراوی خۆی هەبێت بەدەرکەوتووە، لە ساڵی (١٨٨٦ز) جان مۆریاس[٢٢] لە پاشکۆی (الفیغار)ی ئەدەبیدا ئەو جاڕنامەیەی بڵاوکردەوە، دوای چەند هەفتەیەك رۆژنامەیەك لەو بارەیەوە کەوتە دەرچوون و هەرچەندە (٤) ژمارە زیاتری لێدەرنەچوو، بەڵام هاوبەشییەکی باشی کرد لەبڵاوبوونەوەی واژەی هێماگەرایی، جگە لە مانیش شاعیرانی تری وەکو (پۆل فرلین/١٨٤٤-١٨٩٦ز) کە دادەنرێت نەك تەنها بە پێشەنگی شیعری رەمزی، بەڵکو بە پێشەنگی شیعری نوێیش، فرلین لە کتێبی (الفن الشعری-هونەری شیعری)دا رای وایە کە: شیعر دەبێت لە مۆسیقاوە زیاتر نزیك ببێتەوە لەوەی لە وێنەکێشان[٢٣] نزیك ببێتەوەو دەبێت وەکو مۆسیقا ئیجا بەخش بێت‌و هێزی شیعریش لەو بارەدایە کەوشە تێیدا واتای وردیی نابێت‌و دێرەکانی هۆنراوەیش بە شێوەیەکی وا دەبن کە بیر بە تەواوی رازی نەکەن‌و مەبەستی شیعریش بیری روون‌و سۆزی ورد نابێت‌و ئاڵۆزییی لە دڵ‌و هەستەکانداو دوو دڵییەك (التردد) لە باری دەروونیدا دروست دەبێت، ئەم چەمکانەش بە ئیجا نەبێت وەسف ناکرێن، هەروەها رامبۆش ئەوەی رادەگەیاند کە کردارێکی شیعریی[٢٤] وای داهێناوە، رۆژێك بۆ هەموو واتاکان دەستبدات‌و بایەخی زۆری بە واژە دەداو بە واقیعی شیعریی دادەنا، کە زۆر بایەخی پێ نەدەدراو تەنها لە خزمەتی بیردا بووە.

هەروەها (ستیڤان مالارمیە/١٨٤٢-١٨٩٨ز) کە هێماگەرایی گەیاندە لوتکەی گەشەکردنی، تا هەندێك بە دامەزرێنەری ئەم رێبازە دایدەنێن، مالارمیە رای وایە کە واژە لەبەرئەوەی بە واتای دەلالیی خۆی بارکراوە، ناتوانێت دەربارەی ئەو جیهانە راستییە کە جیهانی جوانی‌و نموونەییە واتای تر بدات بە دەستەوە، لەبەرئەمە مالارمیە پەنایبردە بەر تایبەتییە دەنگییەکانی واژە، دوای داماڵینی لە واتاو پەیوەندییەکانی پێشووی.

مالارمیە بەمەشەوە نەوەستا، هەوڵی ئەوەیدا پەیوەندییە پێکهاتەییەکانی (العلاقات الترکیبیة) واژە هەڵبوەشێنێتەوەو بە شێوەیەکی تر دایبرێژێتەوە، تاوای لێهات یەکەی سیمفۆنیی نێوان بەشەکانی هۆنراوە جێگەی هەموو پەیوەندییەکی واتایی گرتەوە، هەروەها رێزکردنی پیتەکان‌و شێوەی نووسین بەهای ئیجائیی خۆی هەبووە لای مالارمیە.

مالارمیە ئەوەی رادەگەیاند کە شاعیر دەبێت وشەکانی لە واتای[٢٥] رەگەزیی خۆیان لابدەن بۆ واتای تر بێئەوەی وشەی نوێیش دابرێژن، مالارمیە نیگەران بوو لەوەی کە وشە تەنها بە لەرینەوە واتای نابەخشێت‌و دێرە شیعرێك کە لە چەند واژەیەك پێکهاتبێت دەتوانێت وشەی نوێی وا دروست بکات، کە نامۆبێت لە زمان، هەروەها رای وابوو کە نابێت[٢٦] شاعیر خوێنەر بە مەبەستی شیعرەکەی تەواو ئاشنا بکات، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی تەمومژاوی بیخاتە بەردەستی خوێنەر.

دوای ئەمانیش رۆڵی ئەو نەوەیە دیارییدا کە هێماگەراییان وەکو رێبازێك کە سنووری دیاریکراوی خۆی هەبێت خستەروو، هەندێك رای وایە کە ئەم رێبازە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی[٢٧] نۆزدەهەمدا نەیتوانی وەکو تەوژمێکی ئەدەبیی رێك‌و پێك خۆی بخاتەروو و بناغەیەکی ئیستاتیکیشی نەبوو، بەڵام ئەو هۆنراوانەی کە فرلین لە رۆژنامەکاندا لە نێوان (١٨٨٢-١٨٨٣) بڵاوی کردووتەوە، رۆڵی گەورەیان بینی لە خستنە رووی هێما گەریی وەکو تەوژمێکی ئەدەبیی رێك‌و پێك.

جان مۆریاسیش کە لە (١٨)ی سێپتەمبەری (١٨٨٦)دا ئەم ڕێبازەی ڕاگەیاند، ڕای وابوو کە دەبێت هۆنراوە دژی ناونان و سۆزی دروستکراوبێت و هەوڵی ئەوەی دەدا کە شێوەی هەستپێکراو بە بەرگی بیری ڕەهادا ببرێت. بەڵام دوایی لەم ڕێبازە پاشگەزبوووەوە، دواییش (میل فیبرهارن/١٨٥٥-١٩١٦)و (هێنری رینییە/١٨٦٤-١٩٣٤) لەسەر ڕێچکەی مۆریاس ڕۆیشتین ئەو هەنگاوانەی کە مالارمیە ناى، هەندێ بە پێشکەوتنی ڕێبازی هێماگەرایی دەیدەن لە قەڵەم، کە گوایە زیاتر لە واقیعی ژیان نزیکیان دەخاتەوە دوای مردنی مالارمیە لە (١٨٩٨)دا نەمانی ئەم ڕێبازە چەکەرەی کردو کەوتە سەرەمەرگەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ماوەیەکی تر مایەوە. باورا رای وایە کە لاوازیی ئەم ڕێبازە لەوەدایە کە واقیعی ڕەتدەکردەوەو لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵك کشایەوەو باوەڕیان وابوو کە ئامانجی شیعر گەیشتنە بە بێگەردییەك وەك بێگەردیی مۆسیقا.

خۆیەتیی نووسەرو سەربەخۆیی وایکردووە کە گومان لەوە بکرێت نووسەرانی ئەم شێوە نووسینە بتوانن ڕێبازێك بۆ خۆیان پێکبهێنن کە بیروڕای هاوبەش بە خۆیەوە بگرێت، نووسەرانی ئەم شێوازە زۆربەیان شەقڵی تایبەتیی بەرهەمەکانیانەوە دیارە[٢٨] لەوانە نهێنییە ئاڵۆزەکانی (ئەلبێر سامان/١٨٥٩-١٩٠٠)و ڕوونیی مۆریاس و ئارەزووی گەشت و خەونە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕامبۆو بیری تاقەوەبوو و گەڕان بە دوای زمانی گونجاو ئیجا لە لایەن مالارمیەوەو بەکارهێنانی شیعری ئازاد، لە لایەن هەندێکیانەوەو شیعری کێشدار لە لایەن هەندێکی تریانەوە وایان کردووە کە پێناسەی هێماگەرایی هەندێك گران بێت، بەڵام ئەو جیاوازییانەی کە باسکرا نەبوونەتە ڕێگر بەرامبەر بەوەی کە ئەم نووسەرانە هاوبیربن لە چەند مەسەلەیەکدا لەوانە تێڕوانینی سۆفییانەیان بەرامبەر بە بوون، ڕایان وابوو کە جیهانێکی نموونەیی تر هەیە کە ڕاستترە لە جیهانی هەست، ئەویش جیهانی جوانی و نموونەییە، لەبەر ئەوەی ئەم جیهانەش جیهانێکە ئاڵۆزبووە، جا دەبێت پەنا ببرێتە بەر ئیحا بۆ دەربڕینی هەر شتێك دەربارەی.

## کاریگەریی ڕۆمانتیکی لەسەر هێماگەرایی

پەیدابوونی هێماگەرایی وەکو ڕێباز لەناوچوونێکی تەواوی بەها جوانییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی نەبوو، بەڵکو گەشەی بە هەندێ لایەنیشی دا، هەندێ لە زانایان لەوانە ولیام یورك تندال هێماگەرایی بە دووەم قۆناغی ڕۆمانتیکی لە قەڵەم دەدات و کارتێکردنی ڕۆمانتیکییەت لەسەر هێماگەرایی لەم دوو لایەنەوە بووە کە ئەمانەن:

١-چەمکی شیعر. ٢-هەندێ تایبەتیی هونەری.

چەمکی شیعر: ڕۆمانتیکییەکان[٢٩] ڕایان وابوو کە لە هەموو شیعرێکدا سێ ئەوەندەی ئەوەی تێدایە کە ووتن (الكلام) دەیگەیەنێت کە لە شیعرەکەدا هەیە و ووتن نەیتوانیوە بیگەیەنێت، لەسەر خوێنەرە پەردەی لەسەر ڕا بماڵێت، شیعر کاتێك تایبەتییە کەسییەکان دەردەبڕێت ئەوا لە شتی ئاشکراوە تێدەپەڕێت بۆ شتی شاراوەو ئەو شتانە دەبینێت کە نابینرێن، بەمەوە شیعر پەیوەندییەکی بەهێزی بەو هەستەوە هەیە کە تەنها لای پێغەمبەران[٣٠] بەدەست دەکەوێت، هێما گەراییەکان ڕایان وابووە کە لەواقیعدا شتێکی تر نییە، تەنها ئەوانە[٣١] نەبێت کە هێمان بۆ شتێکی نەبینراو، یان وا بکەیت لەشتە مادییەکان ئیحای واتا ڕەهاکان[٣٢] بکەیت.

لەو كاریگەرییانەی تر كە رۆمانتیكی كردبوویە سەر رێبازی هێما گەرایی لە بارەی خەیاڵ و كاریگەریی خەیاڵەوەیە لە پێكهێنانی وێنەی شیعریدا.. لەم بارەیەوە بلێك كە یەكێ لە پێشەنگەكانی رێبازی رۆمانتیكییە، بە دیاردەیەكی هێماگەرایی پێش كات دادەنرا، رای وایە كە ئەو وێنەیەی شاعیر دایدەهێنێت لە سروشتەوە هەڵی نایە نجێنێت، بەڵكو بە رێگای خەیاڵ لە دەروونییەوە دروستی دەكات، بەهەڵوێستێكی نزیك لەوانەوە سووربوونی هێماگەراییەكان لەسەر گەڕان بە دوای ئەوانەی كە لە بیری مرۆڤدا شاردراونەتەوە، هەروەها بلێك بە چاوی سۆفی گەراییەوە دەیڕوانییە خەیاڵ و بە هەمان شێوە شاعیری هێماگەرایی باوەڕی بەو واقیعە نهێنییە بووە، بەڵام مەرج نییە ئەو واقیعە خوا[٣٣] بووبێت.

بلێك سەیری خەیاڵی وەكو سۆفییەتێكی شاردراوە (تصوف باطني)، ئەمەش رێگای خۆشكرد بۆ پەیدابوونی تیۆری پەیوەندییە هێماییەكان و بیری گۆڕینەوەی دركەكان. (كۆلێردج)یش خەیاڵی دەكرد بە دوو بەشەوە:

١-ئەو خەیاڵەی كە مرۆڤ توانای درككردنی (الأدراك) تێدایە.

٢-ئەو هێزەی كە توانای تواندنەوەو تێكشكان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی واقیع بگۆڕێت بۆ واقیعێكی نموونەیی بەرێگای داهێنانی هونەرییەوە.

بەم شێوەیە خەیاڵ لە ئاستی شیعردا پرۆسەی خولقاندنێكی نوێیە بە پشت بەستن بە واقیع، بەڵام بێ ئەوەی لە سنووریدا بوەستێت و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە سروشتییەكان دەدات بە مەبەستی گەیشتن بە راستییە شاراوەكان، هەروەها راشیان وایە كە جیهانی بینراو كۆگایەكە بۆ ئەو وێنە و ئیشارەتانە كە خەیاڵ شوێنیان بۆ دابین دەكات و بەهایان پێ دەبەخشێت[٣٤].

لە لایەنەكانی تری كارتێكردنی رۆمانتیكی بەسەر هێما گەراییدا ئەوەیە كە رۆمانتیكەكان بایەخیان بە رۆڵی بێئاگایی (لاشعور) لە پێكهێنانی خەونە رۆمانتیكییەكاندا دەداو پێیان وابوو كە ژیان رووبارێكی مەزنە، لایەكی بە رووناكی (ئاگا-هۆش) رۆشنایە و لاكەی تری نوقمی تاریكە رێی بێئاگاییە، هەر ئەم بۆچوونەشە لای هێما گەراییەكان بە شێوەیەكی قووڵتر و فراوانتر كەوتووەتەڕوو، هێماگەراییەكان رایان وابوو كە هونەر وێنەی جیهانیی بینراو ناكێشێ، بەڵكو دەبێت وێنەی ئەو راستییە بكێشێت كە لە دەرەوەی سنووری زانیارییەكانە، ئەمەش تەنها بەهۆی بەكارهێنانی هێماوە دەبێت كە لە توانایدایە وەسفی ئەو شتانە بكات كە لە توانادا نییە وەسف بكرێن[٣٥].

لە بارەی تایبەتییە هونەرییەكانەوە هەندێك لەو بابەتانە هەن كە هەرچەندە لەلایەن رۆمانتیكییەكانەوە بە شێوەی سەرپێیی ئاماژەی پێكراوە، بەڵام لای هێما گەراییەكان بوون بە بنەمای رێبازەكەیان، لەوانە لایەنی مۆسیقای شیعری، (شاتوبریان)ی رۆمانتیكی زۆر بایەخی بە مۆسیقای دەستەواژە دەداو بە ئیحا بەخشی باری دەروونی دەداتە قەڵەم، هەروەها (كۆلێردج) مۆسیقای وەكو شیعرێك دادەنا كە لە بەرزترین ئاستی واتاییدا بێت، چونكە رێك و پێكی و سۆز بەخشە، هێما گەراییەكانیش رایان وابوو كە مۆسیقا وا لەشیعر دەكات كە توانای دەربڕینە مەزنەكانی هەبێت، چونكە پەیوەندی لە نێوان گیان و جەستەدا دروست دەكات[٣٦][٣٧].

لە بواری زمان و شێوازی ئەدەبیشدا ڕۆمانتیکییەکان لایان وابوو کە[٣٨] ئەو زمانەی بۆ قسەکردنی ڕۆژانە بەکاردێت بۆ گەیاندنی بیر ناشێت و بە دراوێکیان دەچوواند کە نووسینەکانی سەر ڕووی سڕرابێتەوەو واتا نەدات بە دەستەوەو پێویستە بتوێنرێتەوەو جارێکی دی دابڕێژرێتەوە.

لای هێماگەرابییەکان زمانی شیعری چەمکە تاقەوەبووەکەی زمان ناگرێتەوەو مەبەستی لەکاری شیعرییەو لایان وابوو کەکاتێك زمان پەکی دەکەوێت و توانای دەربڕینی نامێنێت شاعیران ناچار دەبن زمانێکی تر لەناو زمانەکەیاندا دابهێنن بۆ ئەوەی بتوانن ئەوەی لە دەروون و بێئاگاییاندا (لاشعور) هەبێت دەریببڕن.

## بەشی دووەم

## هێماگەرایی لە شیعری گۆران دا

گۆران هەر لە سەرەتاوە کە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، کەلە پووری دەوڵەمەندی کلاسیکیی کوردی گرنگترین سەرچاوەی بووە لە چنینی وێنە شیعرییەکانیداو بەو قاڵبە ڕەوانبێژییە کۆنە وێنەکانی پێ داڕشتووە، لەم قۆناغەیدا شەقلی کلاسیکی بە شیعرەکانییەوە دیارە وەك بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەك باسکراو بەکارهێنانی کێشی عەرووزو وشەی عەرەبی، دواییش بەهۆی ئاشنابوونی بە ئەدەبی هەندێ گەلانەوە وەکو تورکی و ئینگلیزی، گۆڕانی خستە شیعری کوردییەوە لە هەردوو ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە، خوێنەر جگە لەوەی بە ئاسانی دەتوانێت قۆناغەکانی گەشەکردنی شیعری گۆران لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەستنیشان بکات، هەروەها دەشتوانێت قۆناغەکانی گەشەکردنی شیعری گۆران لە ڕووی هونەریشەوە دەستنیشان بکات، ئەگەر شارەزاییەکی لە هونەری شیعردا هەبێت، گۆران سەرەتا بە لاساییکردنەوەی شاعیرە کلاسیکییەکان وێنە شیعرییەکانی چنیوە، دواییش لەگەڵ گۆڕانی ناوەڕۆکدا درکی بەوە کردووە کە شیعر دەبێت بەرگێکی نوێتر بپۆشێت بۆ لەخۆگرتنی ئەو ناوەڕۆکە نوێیە ئەمەش دەتوانین بە ڕێچکەی شیعرەکانییەوە بخەینە ڕوو:

کەتیری نێو نیگات چەرخانە ئینسان

قەفەس خاڵی ئەکا مورغی دیرایەت[٦٨]

گۆران ئەم دێڕەی سەرەوەی بە کەرەسەی شیعری کلاسیکی بنیاتناوەو بە ڕێگای چوواندنی (ڕەوان)ەوە کە لە لایەن شاعیرە کلاسیکییەکانەوە بەکارهێنانی باوبووە وێنە بەلاغییەکانی دروستکردووە بێئەوەی تۆزقاڵێك لەو ڕێچکە کۆنە لابدات یان داهێنانی نوێی تێدا بکات. نیگای بە تیرو دیرایەت بە مورغ چوواندووەو (قەفەس)یشی بۆ شوێنی دیرایەت خواستووە.

دەخیلت بم هومای زولفەینی دلبەر

بەسەر سەرما بکێشە فە یضی سایەت[٦٩]

تەیری (هوما) هەرچەندە هێمای داباریینی خێروخۆشییە، بەڵام لێرەدا بێگومان لەو قاڵبە وشکەدا بەکاریهێناوە کە ئیحا دەروونییەکەی کەمتر تێدا بەدی دەکرێت، چونکە بە ڕێگای چوواندنی (ڕەوان)ەوە بەکاریهێناوەو سنوری واتاکەی تێدا دیاریکردووەو لێرەشدا هوما پێ چووێنراوەو تێکەڵییەکی لە نێوان وێنە هەستییەکاندا نەکردووە.

هەستکردنی گۆران بەوەی کەوشە تەنها بەڕێگای واتاوە کاریگەریی نییە بەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤدا، بەڵکو بەڕێگای ئاوازی دەنگییەوە لەوانەیە کاریگەریی بەسەر دەروونی مرۆڤدا زیاتر بێت لەبەر ئەمە کەوتە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ئاوازێك بەدەروونی مرۆڤدا رۆبچێت و مۆسیقای دەنگەکان بۆ کارکردنە سەر دەروونی مرۆڤ واتای وشەکان بەجێ بهێڵن.. وێنەکانی لەڕوونکردنەوەی بێزراوو بەکارهێنانی ئامرازی چوواندن رزگار کرد..

لە لێواری حەوز گوڵاڵەو بەیبوون

ساوان ئەلەرزن لەتاو نوقوم بوون[١٧٩]

لەم دێڕەدا گۆران جگە لەمۆسیقای دەنگەکان وێنەکەی چڕتر کردووەتەوە بەوەی کەخواستنی شاردراوەی تێیدا بەکارهێناوە: گوڵاڵەو بەیبوونی ساوای بەدوو منداڵی ساوای چواندووە، چونکە لەرزین سیفاتی رووەك نییە کە پێی داوە، بەڵکو شەکانەوە بۆ رووەك بەکاردێت. لێرەدا تەنها پێ چووێنراو هاتووە، واتا: خواستنی شاردراوەی بەکارهێناوە (دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کەئەم وێنەیە لە هونەری جوانکاریدا جوانیی بایسی پێدەوترێت، گۆران لەم وێنەیەدا هێشتا لە بازنەی وەهم کە خۆی لە لێکچوونە هەستییەکاندا خۆی دەبینێتەوە) رزگاری نەبووەو دوای وردەکاریی وێنە نەکەوتووەو لەجیهانییە گیانییەکان نزیك نەبووەتەوە، چونکە لێرەدا بەڕێگای (الأقتران والتداعی)یەوە ئەم وێنەیەی چنیوە کەدەبێتە بناغەی خواستن و خوازە نەك هێما[٢٩]..

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لە نجە بەرەومال

ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کولم و خەت و خاڵ[٣٣]

نەسیم کزەبایەکی شادیی بەخشە بیری شاعیرانی پێشووی بۆچووە، بەڵام لێرەدا گۆران بەکارهێنانیوەك پێچووێنراو پەیوەندیی بەباری دەروونیی گۆرانەوە هەیە کەیارو نەسیمی یەکخستووە لەشادی بەخشیندا..

جەو لێی ئەتکێ شادمانی بۆ خۆشی، مۆسیقا، جوانی[٥٣]

لەم دێڕەدا شاعیر دەیەوێ چەمکێکی واتایی کە(شادمانی)یە بەرجەستە بکات ئەوەش بە پێدانی سیفەتێك لەسیفەتەکانی شتێکی بەرجەستە کەلێرەدا بەشێوەی شلەمەنییە، بەڕێگای گۆڕینی درکپێکراوەکانەوە شاعیر وێنەکەی بەشێوەیەك چنیوە کەئێمە بەڕێگای بینینەوە درك بەشادمانی بکەین، کە بەکارهێنانی فرمانی (ئەتکێ)یە یان بەڕێگای بیستنەوە گوێمان لەدەنگی ئەو دڵۆپانە ببێت، کە دڵۆپی شادمانین.

قیبلەی ئایین و باوەڕم خوای بەهەشتی دڵی تەڕم[٣٠]

هەرچەندە شاعیر لەم دێڕەدا وێنەکەی چڕ نەکردووەتەوەو بەڕێگای چوواندنی رەوان وێنەکەی چنیوە، بەڵام گۆڕینەوەیەکی نێوان هەستی و واتایی تێدایە، چونکە چوواندنی دڵ (هەستی) بەبەهەشت، کەتەنها بە واتابوونی هەیە، هەنگاوێکە شاعیر بەرەو گەشەکردنی وێنە ناوییەتی..

کە پێکەنی جەژنی ئایار بەفری زستان کردی ئارەق[٣٢٤]

لەو وێنەیەی سەرەوەدا هەست و واتا لەوێنەیەکی چڕدا تێکەڵکراون و هەنگاوێکی نوێیە شاعیر ناوییەتی بۆ بەرجەستەکردنی جەژنی ئایار لەشێوەی مرۆڤێکی دڵخۆشدا، دروستکردنی ئەم پەیوەندییە لەنێوان ماددەو تاقەوبوودا بۆ زیاتر بووژاندنەوەی واتای جەژنی ئایارە.. گۆران هەرزوو درکی بەوە کردووە کەزمان ناتوانێت

ئەوەی لەدەروونی مرۆڤدا هەیە، هەروەها ئەو موچڕکە بێ ئاگاییانە دەربڕێت جا ئەم گەشەکردنی وێنانەیە گۆران بەمەبەستی دروستکردنی زمان لەناو زماندا بووە بۆئەوەی ئەو زمانە بتوانێت موچڕکە بێ ئاگاییەکانی[٤٠] (ارتعاشات اللاشعور) بگرێتە خۆ.

ڕەنگە سەیر بێتو لۆجیکی نەبێت بەفرو ئارەقکردن پێکەوە کۆبکرێتەوە، چونکە بوونی یەکێکیان ئەویتر دەسڕێتەوە، لێرەدا بارە دەروونییەکەی شاعیر ڕێگەی بەوەداوە هاودژەکان یەکبگرن بۆ ئیحاکردنی واتایەکی قووڵتر، بەکارهێنانی وشەی (ئارەق) هەڵقوڵاوی دەروونی شاعیرێکە کەهەردەم هۆنراوەکانی دەنگی زوڵاڵی چەوساوەکان بووە.

خۆزگەو ئاواتی بەکوڵی هەر ئەوەبوو کەباڵ بگری[٢٩٦]

گرانە کەبزانین چۆن خۆزگە دەفڕێ کەخۆی بوونێکی بەرجەستەی نییە، بەڵام بەڕێگای هەستێکی قووڵەوە دەتوانین بگەینە گەوهەری بابەتەکەو هەست بەبالگرتنەوەو فڕینی خۆزگەو ئاوات بکەین، یان بالگرتنەوەی ئەو کەسەی کەشاعیر باسی لێوە دەکات لەگەڵ پەرۆشی دەروونیو ئەو ئاواتە پەنگخواردووەی ناخی، خۆیەتیی شاعیرە ئەو چوواندنەی دروستکردووەو بەڕێگایەکی چڕتر ختوویەتییە روو کە بەکارهێنانی خواستنە.

دەنگێکی دوور[٢٨٠]

دوور ئێجگار دوور

بە ئاستەمێك ئەگاتە ژوور

ئەی دەنگی دوور بە ئاستەمێك ئەگەیتە دوور:

ئاخۆ سپیت، یان رەش، یان سوور؟

دەنگ هیچ کاتێ بەڕێگای چاوەوە باسی لێوە نەکراوە.. هەر بەڕێگای گوێوە هەست بەبەرزیی و نزمیی و ناخۆشی کراوە، بەڵام لێرەدا شاعیر هەستی بەوەکردووە کەئەو هەڵچوونانەی هەستەکان کە لەدەروونی مرۆڤدا دروستدەبن لەیەك دەچن، لەبەر ئەمەشە گۆران دەیەوێت بەڕێگای ڕەنگەکانەوە کاریگەریی ئەو دەنگە لەدەروونی خۆیدا روونبکاتەوە واتا بەڕێگای گۆڕینەوەی درك پێکراوەکانەوە، لێرەشدا هەر ڕەنگێك واتایەك دەگەیەنێت هەرچەندە خۆیەتیی مرۆڤیش لێرەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت ئەو جۆرە پەیوەندییە ڕەنگییانە کەسییەکی رووتە بەیادەوەریی و هەڵوێستە تایبەتییەکانەوە بەستراوە[٤١]. ڕەنگی (سپی)یش یەکێکە لەو ڕەنگە شادی بەخشانەی کەگۆران بەشێوەی جۆراوجۆر لەچنینی وێنەکانیدا هێناوییەتییەوە.. جارێك بۆ وەسفی شتێکی ماددی یان بۆ وەسفکردنی بیرێك یان واتایەك..

لەهەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان

ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپیو جوان[٤٦]

لەم دێڕەدا گۆران باس لەهەستێكی خۆش و شادی بەخش دەكات و بەدوای ئەو وشەیەدا گەڕاوە كەئەم سیفەتە بەهەستەكە ببەخشێت و فەرهەنگی وشە شادی بەخشەكانی پشكنیوەو رەنگی سپیی هەڵبژاردووە، كەئەم بارە بگرێتە خۆو بەڕێگای رەنگەوە خستوویەتییە روو..

لەو ئاسمانە..(٢٢٧)

گڕی سپیی ئەو باڵانە

لێرەدا رەنگی سپی، گۆران بۆ واتا بنچینەییەكەی بەكاری نەهێناوە، بەڵكو وەك هێمایەك بۆ ئاشتی بەكاری هێناوە، گڕیش دیسان واتای بنچینەیی هەڵنەگرتووە، بەڵكو بۆ دەلالەتە بۆ زیاتر رۆچوونی رەنگی سپییە بەو حاڵەتەدا، لێرەشدا بەرووكەش لەوانەیە لەنێوان گڕوسپیشدا دژایەتییەك هەبێت، بەڵام شاعیر بەبێ دوودڵی كۆیان دەكاتەوە بۆئەوەی رایبگەیەنێت كەجیهانی هەستەكانی لا گەیشتووەتە بارێك كە لەشتێكدا دژەكەشی ببینێت. بەم شێوەیە دەبینین شاعیر هەنگاوێكی تری بەرەو تاقەوەبووی وێنەكان ناوە لێرەدا سوودی لەتیۆری پەیوەندییە رەمزییەكان بینیوە، چونكە گڕ لێرەدا كەسپییە بەو شێوەیەی نا كەچاو دەیبینێت، بەڵكو بەو شیكارو واتایەی كەدەروونی شاعیر دەیبەخشێت، بەڵام هەر ئەو رەنگە واتا سپی بوون جارێكی تر بە پێچەوانەوە بۆ نەمانی ئەو یادەوەرییە خۆشییانە بەكاری هێناوە واتا رۆڵێكی نێگەتیڤ دەبینێت.

تاوەكو لە پڕا كەوتمە ناو دۆزەخی غوربەت

كەم كەم سپی بوو یادت لەسەر لەوحی خەیاڵم(٤١)

واتا رەنگی سپی لەدەروونی گۆراندا دەربڕی هەردوو بارە خۆشی و ناخۆشییەكەیە.

ئەویش بەسەد ئیعجاز

چیای سرور ئەرژێنێتە ژینی ئینسانی(١١٣)

شاعیر لێرەدا دەیەوێت خۆشی بەشێوەیەكی تیشك بەخش بێت، بخاتەروو خۆیەتی و باری دەروونیی شاعیرو هەڵوێستی بەرامبەر بەسرور لە (چیا)دا بەرجەستەكردووە، ئەمەش بەڕێگای گۆڕینی درك پێكراوەكانەوە، چونكە مرۆڤ كاتێك هەست بەخۆشی دەكات بەهەمان هۆ هەست بەبوونی (چیا) ناكات.. شاعیر لێرەدا بۆ مەبەستی چڕكردنی وێنەكە تێكەڵی كردوون، (چیا)یش بڵاودەبێتەوە یان ئاراستە دەكرێت، بەڵام لێرەدا ئەندێشەی شاعیر پێی وایە كە (چیا) دەشێت وەكو شلەیەك بڕژێت، چونكە سرور كەخۆی بەرجەستە نییەو واتاییە، خەیاڵی شاعیر بەشێوەی (چیا)دای دەڕێژێتەوە، ئاساییە جووڵانەوەی (چیا)كەیش بەشێوەیەكی تر دابڕێژێتەوەو بەو شێوەیەی كە بڕژێت نەك وەك (چیا)ی ئاسایی ئاراستە بكرێت یان بڵاوبێتەوە.

نەوایی مۆسیقی(١١٠)

كە مەخرەجی سیحری

تەلیكە پێ ئەكەنێ یاكونێكە حوزن ئەگری

بە سۆزی تەشویقی

كتێبخانەی زانكۆ
دوریات
كوفارو رۆژنامەو زنجیرە دەكرێتەوە

پێكەنین بەڕێگای بیستن و بینینەوە درکی پێدەکرێت، بەڵام لێرەدا شاعیر بەهۆی بیستنەوەو بەڕێگای دەنگەوە هەستی پێکردووە، تەل پێناکەنێت، بەڵكو دەنگی سازو خۆش دەردەبڕێت.. لێرەدا شاعیر ئەو دەنگە خۆشە کەتەلەکە دەریدەبڕێت بە پێکەنین لێکی داوەتەوە، واتا شاعیر بەڕێگای گۆڕینی درکەکانەوە ئەم وێنەیەی چنیوە، بەهەمان شێوە دەنگی ماتەمی و ناخۆشی لەگەڵ گریاندا، بەرجەستەکردنی واتاییەکان زۆر بەشیعری گۆرانەوە دیارە وەك (رەنگی زەردی پیری)، (چاوی مەرگ)، (چیای سرور)[113]، (پە نجەی کینە)[59] زۆرجاریش گۆران بەرجەستەکردنەکانی لەسنووری خواستندا خولاوەتەوەو بەدوای شتەوردەکانی (جزئیات) رووی راستیی هێما (رەمز) نەکەوتووە بۆ ئەوەی تایبەتییەکانی (هێما) بخاتە رووو بوار بۆ ئەوەش بهێڵێتەوە کەئەو رووەکەی تری هێما (رەمز) یش بگرێتەوە، چونكە هێما (رووە واقعییەکە کەوێنە[42] بەرجەستەکەیەو لایەنە تاقەومبووەکە دەلالەتی هێماکەیە) دەگرێتەوە، لەمەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندیی لێكچوونی نێوان هەستییەکان زۆر گرنگ نییە لای شاعیرو ئەوەی کە گرنگە لای ئەو کاریگەرییەیە نەك خودی شتەکان، لێرەدا دەبووایە تەلی بچوواندایە بەشتێك لەبواری بیستندا، بەڵام دەنگی تەل لای گۆران بەهایەکی واتایی پەیداکردووە، ئەو بەها واتاییە لەدەروونی گۆراندا لە پێکەنیندا رەنگی داوەتەوە، جالەبەر ئەمە بەڕێگای وێنەیەکی چڕەوە هەردوو لای لەیەك رەگەزدا تێکەڵکردووە، واتا لێرەدا دەنگی تەل واتای پێکەنین دەگەیەنێت و پێکەنینیش واتای دەنگی تەل دەگەیەنێت..

تازە سرووەی بای قودسیی (عیسافوو)[168]

گیان ئەکاتەوە بەر دنیای مردوو

لەم دێڕەدا گۆران (فووی عیسا)ی بەشێوەی خواستن بەکارهێناوە، بەڵام بەدوای وردەکاریی ئەو دیاردەیە نەکەوتووە بۆئەوەی زیاتر لێی بدوێت و لەسنووری خواستن بیپەڕێنێتەوە بۆ هێما، واتا ئەگەر زیاتر تایبەتییەکانی ئەو دیاردەیەی بخستایەتە روو، هێمای بەش بەشی لەهۆنراوەکەدا دروست دەکرد (الرمز الجزئی)..

بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیس کەر[207]

بێزارە لەجووکەی دەنووکی کوردی

راوکەری دارستان لەباڵدار پیسکەر

جێی چینەی لێ تەنیم بەداوی وردی

ئەهریمەن کەهێمایە بۆ شەڕو خراپە، گۆران لێرەدا هێناویێتییەوە لەبەر پەیوەندییەکی لێكچوون لەنێوان ئەهریمەن و بۆ خوازراودا، بەڵام زیاتر بەدوایدا نەچووەو لەکردەوەکانی بدوێت بۆئەوەی هیچ نەبێت وێنەکەی لەسنووری خواستن تێپەڕێنێت جگە لەمەش ئەو واتایانەی کە لەدێڕەکەدا هاتووە زیاتر لاکەی تر رووندەکەنەوەو دەستنیشانی دەکەن و بوار بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کە ئیحا بەخش بێت و واتای تر ببەخشێت و زۆرتر شت بەرجەستە دەکات نەك واتا، هەروەها گۆران زۆر جار دەربڕینی کۆتری سپی وەکو هێمایەك بۆ ئاشتی بەکاردەهێنێت بێئەوەی لەو بازنە تەسکەدا دەری بهێنێت، وەکو هێمای بەش بەش وێنە شیعرییەکانی پێ بچنێت.

لەهۆنراوەی (سەگوەڕ)دا شاعیر (تولە)ی خواستووە بۆ دەستوپێوەندە خراپەکانی ئاغا، دواییش بەدوایدا چووە بەهیوای ئەوەی لەسنووری خواستن بەرەو هێمای بەش بەش بیپەڕێنێتەوە، بەڵام بۆی نەکراوە وای بچنێت کە ئیحا

بەخش بێت، شاعیر دەیتوانی لەجێی ئاغایش پەیوەستێکی بهێنایەتەوە بۆ ئەوەی لەم لایەنەیشەوە ئیحاکە فراوانتر ببوایە و هەر لەدوا کۆپلەی هۆنراوەکەدا پەردە لەسەر ئەو شاردراوە کەمە رادەماڵێت و ئیحاکانی پێشوویش لەچەند شتێکی بەرجەستەدا دەمرێنێت..

منیش هەندێ کەس پاشملە[٣٩٣]

لێم کەوتونەتە تەقەی زلە

چەقەڵ

ئەلوورێنێ -چەقەڵی پیر ئەلوورێنێ-بلێسەی دوو چرای چاوی-بەرەو ئاوایی ئەکشێ..

لەم هۆنراوەیەدا گۆران لەبەکارهێنانی هێمای (بەش بەش)ەوە بۆ بەکارهێنانی هێمای سەرتاپایی (الرمز الصکی) پەڕیوەتەوە، هۆنراوەکە باس لەوانە دەکات کەچاوی تەماعیان بڕیوەتە خێروبێری وڵات و هەلی بێئاگایی خەڵکەکە دەقۆزنەوە بۆ هێنانەدیی مەرامی گڵاویان، رەنگە بواریش بووبێ بۆئەوەی ئیحای تر بدا بەدەستەوە، بەڵام لەهۆنراوەکەدا گۆران هەندێ ئیحای بۆ ئەو واتاکەی تری کردووە کاتێ دەڵێت:

چەقەڵی پیر چەقەڵی گەڕ[٣٩٠]

بیری پووچی ناو مێشکی لەڕ

لەسەر دەرکە

خۆت بەس کەڕکە

(چوونی چەقەڵ) بەرەو ئاوایی و هەڵپەکردنی بەدوای مریشك و نێچیرەکانی تردا شتێکی ئاساییە، بەڵام شاعیر کەدەڵێت: (بیری پووچی ناو مێشکی لەڕ-لەسەر دەرکە):

بیری پووچی ناو مێشکی لەڕ[٣٩٠]

لەسەر دەرکە

خۆت بەس کەڕکە

بەم دەربڕینە شاعیر دیسان ئەولای هێماکە هەندێ ئاشکرا دەکات، چونکە لێرەدا ئاماژەیە بۆئەوەی کە لەگەڵ چەقەڵی راستیدا نادوێت، چونکە کەس ئەو وتەیە بۆ چەقەڵی راستی دەرنابڕێت، چونکە شتێکی سروشتییە چەقەڵ بەرەو دێ بڕوات بەدوای نێچیردا.

لێرەدا گۆران زیاتر وێنەکەی سنووردار کردووەو رێگای بەخشینی واتای تری لێگرتووە دواییش کە دەڵێت:

کۆتر ئەفڕێ.. مژدەی ئاشتی[٣٩١]

جارئەدا.. بەدرێژی گەشتی

زیاتر واتاکە سنووردارتر دەکات و هۆنراوەکە ناتەواو دەکات لەوەی کە پێی بڵێین (هێمای سەرتاپایی) تێدا بەکارهێناوە.

بۆ ئێجگاری ساردبووەوە و دای دا چۆك[٢٩٣]

كەڵبە كەوتووی بێ نینۆك

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا بەهێما دەستی پێكردووە، بەڵام لەسەری نەڕۆیشتووەو پەردەی لەسەر ئەودیوی هێماكە راماڵیوە كاتێك دەڵێت:

دەستیان كرد بەچپە چپ[٢٩٣]

ئاغا ئەیوت: گاجووت قووت دان كردی خپ

لەهۆنراوەی (تیروكەوان[٣٢٧])دا دەڵێت:

ئەو ئاسمانە شینەی ژوور سەر[٣٢٧]

كۆتری سپیی تیاخول ئەدا

بەبێ خەتەر

مژدەی گوڵ بەبولبول ئەدا

لەم هۆنراوەیەدا (هێما) تەنها لەوشەیەكدا یان لەوێنەی بەش بەش (الصورە الجزئیە)دا نەهاتووە، بەڵكو لەكۆمەڵێك وێنەی ئاوێتەدا هاتووە كە لەسەر پەیوەندیی هێمایی نێوان وێنە شیعرییەكان بنیاتنراوە، بەڵام شاعیر ناوبەناو تیشكێك دەخاتەسەر دیوی ئەودیوی هێماكان و ماوەی بیركردنەوەی خوێنەر كەمتر دەكاتەوە، بۆئەوەی بگات بەواتا هێماییەكەی، چونكە هەندێ سنووریشی بۆ دیاریدەكات كاتێ دەڵێت:

روونی ئەخاتە شەبەقمان[٣٢٧]

سێبەر ئەكا بۆ ئارەقمان

بەری رەنجی تاڵمان بەلێو

ئەكا بەهەنگوینی بێ مێو

شاعیر وەكو بیەوێت بیری خوێنەر بەملاو بەولادا نەبات تەلیسمی هەموو نهێنییەكان دەشكێنێت.. وێنەكان لەشوێنی خۆیاندا قەتیس دەكات و بەر لەبڕینی ئەو قۆناغە دەگرێت بۆ گەیشتن بەهێمایەكی سەرتاپایی كاتێك دەڵێت:

چەك نەمێنێ

ئەوسا بێ ترس تێر ئەنوێ چاو[٣٢٩]

ئەچێتە ئێش دوو دەستی پیاو

لەهۆنراوەی (بت و بتەوان[٢٨٢])دا هێماكان دیسان بەزنجیرەیەك پەیوەندیی نێوانیان بەشی هەرە زۆری هۆنراوەكەیان گرتووەتەوە، شاعیر دەیتوانی هێمایەكی سەرتاسەریی بكا بەبەرگی هۆنراوەكەدا ئەگەر دوور بكەوتبایەتەوە لەچەند دەربڕینێك، وەكو:

بت بتەوان[٢٩٠]

خوێنیان بڕژێ

گەلی عێراق بیانكوژێ

لێرەشدا دیسان گۆران واتای بت بتەوان و پیرە شەیتان روون دەکاتەوە کە داگیرکەران و بیری دواکەوتوویی و نۆکەران و دارو دەستەکانیانن..

گۆران لەخستنە رووی ئەم دیاردانەدا دەبینین پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هێما، ئەمەش لەبەرئەوە نەبووە کە پەردەپۆشی[٤٣] بەکار بهێنێت، کەزیان بەڕێبازی شاعیر خۆیشی و هۆنراوەکەی دەگەیەنێت، چونکە بابەتی هۆنراوەکە سنووردار دەکات و لەبەهای کەمدەکاتەوە، چونکە ئەگەر هونەرمەند هێما بۆ پەردەپۆشی بەکاربهێنێت ئەوا کەمکردنەوەیە لەوەی کەشاعیر دەتوانێت پێشکەشی بکات، بەڵکو گۆران لێرەدا هێمای بۆ ئەوە بەکارهێناوە کەزیاتر کاریگەریی لە لایەن سۆزەوە هەبێت و زیاتر هەست بە کێشەکان بکرێت، لێرەدا هۆنراوەکە لەرێگای هێماوە زیاتر واقیعی روونکردووەتەوە، چونکە هێما کە بەکاردێت هەموو واتاکانی پێشوو دەلالەتە مرۆڤایەتییەکانی خۆی دەکەونە کار. گۆڕینەوە لەنێوان ماددیی و واتایی لەو دیاردە هونەرییە دیارانەیە بەهۆنراوەکانی گۆرانەوە، گۆڕینی واتا بۆ ماددە لەوەدا دەردەکەوێت کەزۆرجار واتای بەوە بەرجەستەکردووە، کەبەرگی هەستی کردووە بەبەرگیاندا جار جاریش ئەوەی تێپەڕاندووە بەرەو بەرجەستەکردنیان بەشێوەی باری مرۆڤایەتی، چونکە (وێنە بەرجەستەکردنی واژەیی بیروهۆشە)[٤٤].

بەرجەستەیی واتاکان لای شاعیر بەیەك شێوە نەهاتووە، جارێك بەهۆی پەیوەندیی خوازەیی وەك چوواندنی رەوان و جارێك بە خواستنیی ئەندێشەیی، گۆران لەسەرەتادا کەم شوێنەواری هێمای لەوێنە شیعرییەکانیدا دەبینرێت، بەڵکو پەیوەندییەکان زیاتر هەستی بوونە زۆرجاریش شتەکان لای گۆران لەشوێنە بەرجەستەیی کانییەوە دەگوێزرێنەوە بۆ بوارە ویژدانییەکان، زۆرجار بیری شاعیر لەنێوان راستی و بینینەکانیدا (رۆی) دۆش دادەمێنێت، وێنەکان رەگەزو رەهەندە هەستییەکان لەدەست دەدەن. گۆران هێمایەکی بەکار نەهێناوە کەتایبەت بێت بەخودی شاعیرەوە، بەڵکو هێما گشتییەکانی بەکارهێناوە.

لەهۆنراوەی (زیندانی ئەژدەهاك)[٢٦٨]دا گۆران توانیویەتی هێمایەکی مێژوویی بە وردەکارییەکانییەوە بە سەریدا ببڕێت ، لەگەڵ ئەژدەهاکدا دەدەوێت وەکو ئەوەی مێژووی هەزار ساڵێك گەڕاندبێت بەدوواوە، ئەم هێما مێژووییەی بۆ زیاتر کاریگەریی بەسەر دەروونی خوێنەردا بەکار هێناوە، بەڵام ئەوەی لە شێوازی گۆران لەبەکارهێنانی هێمادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کەگۆران ئاستە تاقەوەبووە هێما بۆکراوەکە زیاتر دەستنیشان دەکات و رەهەندەکانی دیاریدەکات، لەکاتێکدا هێما خۆی دژی ئاشکراکردنی بیرو سۆزە. لەم هۆنراوەیەدا گۆران دەیەوێت رووی دزێوی فاشیزم و نۆکەرانی بخاتە روو کەهەردەم لەبرژاندنی مێشکی رۆڵەکانی گەل تێرنابن و ئەوەش رادەگەیەنێت کەرۆژێك دێت ریزەکانی گەل یەکدەخرێن و ئەوسا فاشییەکان خۆیان و نۆکەرانیان لەبەرامبەر گڕی شۆڕشی رۆڵەکانی گەل دەبن بەشێرە بەفرینە و دەتوێنەوە، وێنەی شیعری لای گۆران سنووری دەلالەتە هەستییە تەسکەکان تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ئیحاکردن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هێمایانەی بەکاری هێناون گشتین و چنراوی بیری خۆی نین، لەبەرئەمە لایەنە دەوروونییەکە کەمتر دەوروژێنێت و لەوەوە نزیکی دەخاتەوە کەدەربڕینێکی ناڕاستەوخۆی لایەنە نەفسییەکە بێت، لێرەدا ئەژدەهاك ئەفسانەیەکی (چیرۆکێکی) مێژووییە باشتر دەبوو ئەگەر گۆران بەڕێژەی (صیغە) رابردوو لەگەڵ ئەژدەهاکدا بدوایە، چونکە بەکارهێنانی رێژەی رانەبردوو وەك گۆران بەکاری هێناوە ئەو پەیوەستەی دروستکردووە کەشاعیر مەبەستی ئەژدەهاك نەبێت (هێما)ش نابێت پەیوەستی

هەبێت و زیاتر بە پەیوەندی و یادەوەرییە سۆزدارییەکانەوە پشت دەبەستێت، کەزۆر جار هیچ بنەمایەکی لۆجیکی تێدا بەدی ناکرێت، هەرچەندە گۆران خۆی درکی بەوە کردووە کە پێویستە مرۆڤ زمان لەناو زماندا دروست بکات، بۆئەوەی واتا دەروونییەکانی پێ دەرببڕێت.

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم[١٢١]

چونکە ئەو هێمایانە بەشێوەیەکی وا دەروونی مرۆڤ دەورووژێنێت کەزمان نەتوانێت دەریان ببڕێت، چونکە وشەکان بۆ واتای دیاریکراوی خۆیان دەستنیشانکراون، خوێنەر دەتوانێت خوێندنەوەی تری هەبێت بۆ هۆنراوەی زیندانی ئەژدەهاك، بەڵام لەڕاستیدا گۆران بۆ ئەوە نەینووسیوە کە هەر کەسێك خوێندنەوەی تری هەبێت بۆ هۆنراوەکە، گۆران زۆرجار لەگەڵ هۆنراوەکەدا ڕوونکردنەوەی وای داوە، پەردەی لەسەر نهێنییەکانی هێماکە ڕاماڵیوە کەئەمەش گیانی ئیحا لەهێماکە دەمرێنێت، جاری واش هەیە ناوونیشانی هۆنراوەکە ئەو گیانە ئیحاییە دەمرێنێت، جگە لەمە گۆران مۆسیقای بە باشی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئەو بارە دەروونییەی کە لەبێئاگایی مرۆڤدا دروستدەبێت و ئەرکی شیعریش گەیاندنێتی بەخەڵکی، زۆر بەباشی دەیگەیەنێت، چونکە مۆسیقا توانای ئیحای زۆرە و بەناخی دەروونی مرۆڤدا ڕۆدەچێت، مۆسیقا بەوە لێکدراوەتەوە کەشیعرێکە لەبەرزترین پلەی واتادا.

## ئەنجام

لەم باسەماندا گەیشتووین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-لێکچوونی خۆیی (زاتی) لە نێوان هێما و هێما بۆکراودا، هێما دەخاتە تەم و مژی و ئاڵۆزییەکەوەو بۆچوونەکان دەربارەی هێما بۆکراوەکان جیاواز دەبن.

٢-هێماگەرایی لە شیعرەکانی گۆراندا چەکەرەی کردووەو هەندێك گەشەی کردووە، بەڵام بە دەگمەن گەیشتوونەتە کامڵبوون، چونکە هەرخۆی بە ڕێگای ناونیشانی شیعرەکەوە یان لە دێڕەکانیدا واتای هێما بۆکراوی ڕوون کردووەتەوە.

## پەراوێزەکان


١. جۆن ماکوین، موسوعة المصطلح النقدي-الرمز، ترجمة عبدالواحد لؤلؤة، ل١٣.

٢. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية، ل٣٣.

٣. د.فەرهاد نازر، هێماگەرایەتی، ل١٩.

٤. د.محمد غنيمی هلال، النقد الأدبي الحديث، ل٣٧-٣٨.

٥. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية، ل٣٧.

٦. أنطوان کرم، الرمزية والأدب العربي الحديث، ل٩.

٧. -د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية، ل٣٨.

٨. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٣٨.

٩. -هيگل، الفن الرمزي، ترجمة جورج طرابيشي، ل١١.

١٠. مايكل ه.لينفسن، أصول أدب الحداثة، ترجمة يوسف عبدالمسيح، ل١٥٠.

١١. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية، ل٤٠.

١٢. وليم يورك تندال، الرمز الأدبي، ل٣٩.

١٣. مالكم برادبري، جيمس ماكفارلن، ترجمة مؤيد حسن فوزي، هامش ل٢١٧.

١٤. د.نجيب گيلاني، المذاهب الأسلامية الأدبية، ل١١٣.

١٥. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٤٠.

١٦. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٢٢.

١٧. جميل نصيف التكريتي، المذاهب الأدبية، ل٣٠٦.

١٨. الحداثة، مالكم برادبري وجيمس ماكفارلن، ترجمة:مؤيد حسن فوزي، هامش ل٢١٧، مطبعة دار الحرية، دار المأمون بغداد١٩٨٧.

١٩. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٧٠.

٢٠. الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، أمية حمدان ل٢٣.

٢١. هێما گەرایی لە ئەدەبی شانۆدا، د. فەرهاد نازر زادەی کرمانیو پێشڕەو حسین صالح، ل٢٠.

٢٢. المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا، فريد انطونيوس، ترجمة:فيليب فان تيغيم، ل٢٨١.

٢٣. المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا، فريد انطونيوس، ترجمة:فيليب فان تيغيم، ل٢٧٤-٢٧٥.

٢٤. هەمان سەرچاوەو، ل٢٧٥.

٢٥. المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا، فريد انطونيوس، ترجمة:فيليب فان تيغيم، ل٢٧٧.

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل٢٨٠.

٢٧. د.جميل نصيف التكريتي، المذاهب الأدبية، ل٣٠٧.

٢٨. الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، أمية حمدان ل٢٣، دار الرشيد للنشر، ١٩٨١.

٢٩. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٢٦.

٣٠. هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

٣١. هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

٣٢. الحداثة، مالكم برادبري وجيمس ماكفارلن مؤيد حسن فوزي، هامش ل٢١٧.

٣٣. الأتجاهات الأدبية الحديثة، جورج طرايبشي، ل١٣٩.

٣٤. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٣٠ (لە تندالەوە وەریگرتووە).

٣٥. جميل نصيف التكريتي، المذاهب الأدبية، ل٣١١.

٣٦. هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٣٧. د.شفيق بقاعي، د.سامي هاشم، المدارس والأنواع الأدبية، ل٨٦.

٣٨. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٣١.

٣٩. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٣٨.

٤٠. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل١٢٠.

٤١. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٢٢٢.
٤٢. د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ل٢٨٥-٢٨٦.
٤٣. بدر شاكر سياب بەوشێوەیە لێکی دەداتەوە، کەهێما بۆ پەردەپۆشیی بەکاردێت.
٤٤. د.محسن أطيمش، دير الملاك، ل١٣٥.

## سەرچاوەکان


١-أميه حمدان، الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، دار الرشيد للنشر، ١٩٨١.
٢-أنطوان غطاس كرم، الرمزية في الأدب العربي الحديث، دار الكشاف-بيروت، ١٩٤٩م.
٣-جون ماكوين، الترميز، ترجمة: د.عبدالواحد لؤلؤة، مطبعة دار الحرية، دار المأمون-بغداد، ١٩٧٠.
٤-جورج طرابيشي، الأتجاهات الأدبية الحديثة، منشورات دار عويدات-باريس،١٩٨٣.
٥-د.جميل نصيف التكريتي، المذاهب الأدبية، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٩٠.
٦-هيگل، الفن الرمزي، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة-بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٧٩.
٧-مالكلم برادبري، جيمس ماكفارلن، الحداثة، ترجمة: مؤيد حسن فوزي، مطبعة دار الحرية، دار المأمون-بغداد، ١٩٨٧.
٨-مايكل هـ لينفسن، أصول أدب الحداثة، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروة، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٩٢.
٩-د.محمد فتوح الأحمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، دار المعارف، الطبعة الثانية، ١٩٧٨.
١٠-د.محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، الطبعة الثالثة، ١٩٦٤.
١١-د.محسن أطيمش، دير الملاك، منشورات وزارة الثقافة والأعلام، بغداد، ١٩٨٢.
١٢-د.نجيب الگيلانى، الأسلامية والمذاهب الأدبية، مؤسسة الرسالة، ١٩٨١.
١٣-فيليب فان تيغيم، المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا، ترجمة: فريد أنطونيوس، منشورات عويدات، بيروت-لبنان، الطبعة الثانية، ١٩٧٥.
١٤-د.شفيق بقاعى ود.سامى هاشم، المدارس والأنواع الأدبية، المكتبه العصريه، صيدا-بيروت، ١٩٧٩.
١٥-د.فەرهاد نازر زادەی کرمانی، هێماگەرایەتی لەئەدەبی شانۆدا، و.پێشڕەو حسن صالح، سلێمانی، ٢٠٠٠، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

## الخلاصة

اذا كانت الرومانتيكية ثورة لأقتلاع الكلاسيكية من الجذور، فالرمزية غور في أعماق الرومانتيكية، والجدير بالملاحظة هنا هي أن المحاولات التي ابديت في هذا المجال في الأدب الكردي تكاد تكون نادرة، ونحن من أجل أشعال بصيص نورٍ في هذه الناحية المعتمه في الأدب الكردي انجزنا هذا البحث في فصلين.

الفصل الأول: تناولنا بحث الرمز كمصطلح أدبي ثم استعرضنا بعضاً من تلك الآراء حول مفهوم الرمز، ثم نوّهنا الى تقصير الكتاب الذين أتوا فيما بعد في الأتيان بشيء جديد سوى صياغة آراء السابقين من جديد. بعدها لخّصنا تلك الآراء بما مفاده: في تكوين الرمز يجب أن يكون هناك مستويين، المستوى الحسي ومستوى المعنى مع وجوب عدم فصلهما عن الآخر، كما ويجب ان يكون هناك تشبيه نفسي بين المستويين ومن تلك المواضيع التي تناولها الفصل ذاته: تأثير الخيال على الصورة الشعرية، دور اللاوعي في حلم الرومانتيكيين، الموسيقى واللغة الشعرية، ظهور الرمزية كمذهب على يد العمالقة الأفذاذ، بودلير وموريناس وفرلين وستيڤان مالارميه.

وفي الفصل الثاني: بحثنا في بدايات كتابة الشعر عند گۆران الشاعر، ثم اقتفينا آثار الرمز كمذهب في قصائده، بعدها توصلنا الى نتائج منها ان گۆران في تلك القصائد التي كاد المذهب الرمزي فيها ان يكتمل، شرع بكسرِ طلاسم المعنى وكشفه للقاريء دون ان يتركه يتحمل عناء وراء تلك المعاني.

## Abstract

*If we consider the romanticism a revolution to uproote the classicism, then we can consider the symboolism to be the depth of the romanticism. It`s worth to mention that such an attempts, in this vary field. In the Kurdish literature are almost rare. There for, we have accomplished this research, in two chapters, as an attempt to light this dark corner in the Kurdish literature.*

*The first chapter deals with the symbol as a literature term, erwiening some opinions about the consept of symbol, as well as mentioning the later authers` negligence, to bring in something new, exept repeating the former authers` opinions. Those opinions were summarized to that in symbol creation there must be two levels, the sentimental level and the meaning level, without any disconnection between them, as well as providing psycological resemblance between the two levels. Among these subjects delt with in this chapter:- The impact of the fantacy upon the poetry image, the role of the unconsious in the romanticists dreams, poetry language and music, the appearance of symbol as an ideology by the great authers like:- Bodlier, Moriase, Verlin and Steven Mallarmie.*

*The second chapter deals with the beginning of poetry writing of Goran, then we traced the symbol as an ideology in his poems, then the conclusion that Goran in these poems, in which the symbolic ideology was nearly complete, begin to break the mistry of meaning , and revealing it to the reader.*